عەراقچی: بە هەر ئەگەرێکی نەخوازراو ئامادەین و ئارزووی دانیشتن و گفتوگۆی هاستوخۆ ناکەین لە گەڵ واشنتن



عەباس عەراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند، وەتەکەی ئامادەیی هەیە بە هەموو ئەگەرێکی سەرهەڵدانی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل؛ دەشێت، ئێران بە ئاگایەوە مامەڵە لە گەڵ ڕەفتاری دوژمنکارانەی ئیسرائیل دەکات و هووبەڕووی شکستێکی گەورەیان دەکاتەوە.

شەممە، 1ـی تشرینی دووەمی 2025، عەباس عەراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند، وەتەکەی ئەزموونی لە دوایین شەڕی لەگەڵ ئیسرائیل وەرگرتووە، لەو شەڕدا چەندین مووشکی هاستەقینەی مەترسیدارمان تاقی کردووەتەوە، جگە لەوەش لە هووی سیستەمی بەرگریەوە ئێران باشتر بووە.

ئاماژەی بەوەش کردووە، ئەگەر ئیسرائیل هەر هەنگاوێکی دوژمنکارانە لەە دژی ئێران بنێت، بەگومان وەڵامی توندمان دەبێت، ئەنجامەکەشی بە ئیسرائیل زەر خراپ دەبێت.

عەراقچی هەروەها بنیامین ناتانیاهە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلی بەوە تاوانبار دەکات کە هەوڵی فراوانکردنی بازنەی شەڕی داوە بە هەرشکردنە سەر چەندین ناوچەی گرنگی ئێران، لەوانە کەگەکانی

بەرهەمهێنانی نەوت، هەروەها دامەزراوە ئەتەمییەکان و کوشتنی دەیان سەرکردەی ئەو وەتە.

باسی لەوەش کردووە، ئیسرائیل هەرگیز ناچێتە شەڕو ئەگەر ئەمریکا گەپی سەوزی بە دانەگیرسێنێت.

عەراقچی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت، ناتانیاهۆ تاوانباری هاستەقینەی شەڕە، لای هەموو وەتانی ناوچەکەش ئاشکرایە کە ئیسرائیل دوژمنی هاستەقینەی هەموومانە.

لە بارەی هەڵکەوتنی ئەتەمی ئێران و دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان لە گەڵ ئەمریکا، عەباس عەراقچی، هایگەیاند، نزیک بوو بگەین بە هەڵکەوتنێکی دادپەروەرانە، بەڵام ئەمریکا مەرجی ناڕەوای دانابوو، بەیە ئارەزووی دانیشتن و گفتوگۆی هاستەوخۆ ناکەین لە گەڵ واشنتن، لەوانەیە ئەمجارە دانوستانەکانمان بە شێوەی ناهاستەوخۆ ئەنجام بدەین.